# (15)

# گفتوگۆیەکی ژیرانە

## حیکمەت و فەلسفەی جیاوازی نێوان ئافرەت و پیاو

بەرێزان!

ئەم بەشەمان بەم وتەیەی زانای پایەبەرز عیززی کوڕی عبدالسلام دەست پێ دەکەین کە دەڵێ: {شەریعەت هەمووی بەرژەوەندییە، یان ئەوەتا بەرژەوەندییەکت دەست دەخا، یان ئەوەتا خراپەو زیانێکت لێ دوور دەخا}.

خوای گەورە کە ئەم شەریعەت و بەرنامە پڕ لە چێژ و مانا و ئامانجەی بۆ مرۆڤەکان دامەزراندووە، گشتی لە بەرژەوەندی مرۆڤەکانە، لەهەر شتێکی شەریعەتدا یان ئەوەتە بەرژەوەندەییەك بەدەست دەهێنیت، یان ئەوەتا زیانێکت لێ دوور دەخاتەوە.

ابن تەیمیە دەڵێ: {ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە سەرجەم بەرژەوەندییەکان بۆ مرۆڤەکان بەدەست بهێنێ و فەراهەمی بکات و زیادی بکات، بە پێچەوانەوە، سەرجەم شتە خراپەکانیش لەناو ببات و پەکی بخا، یان بەلایەنی کەم، کەمی بکاتەوە}.

ئەمڕۆ خەڵکانێکی زۆر هەن داوای ئەوە دەکەن ئەرك و مافەکانی ئافرەت یەکسان بکرێ لەگەڵ ئەرك و مافی پیاو، دیارە ئەم داواکاری و بانگەشەیە لەهەندێ ڕووەوە دەکرێ، بەڵام لەهەندێ ڕووەوە مەحاڵە، لەو شتانەی کە خوای پەروەردگار ئەرك و مافی ئافرەتانی لەگەڵ پیاوان وەك یەك لێکردووە لەبەرژەوەندەی هەردوو ڕەگەزەکە دایە، بە پێچەوانەوە لەهەندێ شتی دیکەدا کە ئەرك و مافەکان بەجیاواز دانراون دیسان لەبەرژەوەندی هەردووکیاندایە.

شەریعەت هاتووە بۆ ئەوەی مافی بەندەکان بپارێزێ، هەر شتێك چ وەك ئەرك، چ وەك ماف لەسەر نێر یان مێی دانابێ لەکۆتاییدا لەبەرژەوەندی تاکەکە خۆی و کۆمەڵگەشدایە، بە پێچەوانەوە هەر ئەرکێك و هەر مافێك بۆ هەر یەك لەنێر یان مێ دانەنرابێ دیسان لەبەرژەوەندی تاکەکان و کۆمەڵگەشدایە.

لەساڵی (1993)ز کۆنگرەیەکی جیهانی سەبارەت بە مافی مرۆڤ بەسترا، گوتیان کە: مافی ئافرەتان و منداڵان بەشێکن لە مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا و هەرگیز لێك جیا نابنەوە، ناکرێ پارچە پارچە بکرێن، هەروەها دەبێ ئافرەت لەسەرجەم کایەکانی ژیان بەژداری بکات، لەڕووی مەدەنی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری .....هتد، لەم کۆنگرەیەدا جەختیان لەوە کردەوە کە نابێ ئەو دووانە جیاوازییان لەنێو بکرێ لەسەر بناغە و بنچینەی ڕەگەز مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

لێرە ئێمە پرسیارێك دەكەین، یەكسانی لەنێوان ژن و پیاو، لەچ ڕوویەكەوە، لەڕووی (خەلق) واتە: تەكوینی لاشە و لایەنی فسیۆلۆجییەوە، یان لەڕووی ئەرك و مافەوە، كامە یەكسانی؟ دیارە ئەگەر بیانەوێ لەڕووی پێكهاتەی لاشەوە ئافرەتان و پیاوان وەك یەك لێ بكەن و یەكسانیان بكەن ئەوا بەدڵنیاییەوە مەحاڵە، ئایا دەكرێ سكپڕی و شیر پێدان ومنداڵ بەخێو كردن لەنێوان ئافرەتان و پیاواندا دابەش بكرێ؟ ئایا دەكرێ كاری كارگەكان و حەمباڵی و پاسەوانی و دەیەها كاری دیكەی قوڕس لەنێوان پیاوان و ئافرەتاندا دابەش بكرێ؟ ئایا ئەگەر پیاوان و ئافرەتان لەم كارانەدا یەكسان بكرێن نابێتە ستەم لە هەر یەكێكیان؟!

بەڕێزان!

ئەم جۆرە كەسانەی كە بانگەشەی یەكسانی نێوان ژن و پیاو دەكەن شتێكی نالۆژیكی و ناعەقڵانی و نازانستی دەڵێن، زانستی سەردەم ئەوەی سەلماندووە كە هەرگیز ناتوانرێ بەڕەهایی ئەم دووانە یەكسان بكرێن، تەنانەت لەڕووی پێكهاتەی لاشە و ژمارەی خانەكان و هۆڕمۆنەكان و ماسولكەكانەوە جیاوازی تەواو لەنێوانیاندا هەیە، كەواتە: هەندێ شت هەن تایبەتن بە ئافرەت، هەندێ شتی دیكە هەن تایبەتن بە پیاو.

(د. ئەلێكسس كاریل) جەخت لەم جیاوازییەی نێوان ژنان و پیاوان دەكاتەوە، لە كتێبی (الإنسان ذلك المجهول) دەڵێ: {ئەو جیاوازییەی لەنێوان ئافرەتان و پیاوان هەیە تەنها كورت هەڵنەهاتووە لە ئەندامەكانی لاشە و ڕەحم و سكپڕی و ئەمانە، بەڵكو ئەم جیاوازییە جیاوازییەكی بنچینەییە و لەهەموو خانەكان و پێكهاتەكانی لاشەدا هەیە، تەنانەت لە كارلێكە كیمیاییەكانی ناو لاشەش ئەو جیاوازییە هەیە}.

ئینجا لێرە ئەوە ڕوون دەبێتەوە كە مافەكان بەپێی ئەركەكان دەستەبەر دەبێ، ئەگەر هەمان ئەرك بە ئافرەت بسپێری كە بە پیاو سپێردراوە ئەوە ستەمت لێ كردووە و بارێكت خستۆتە سەر شان كە لە توانای خۆیدا نییە، پیاو ئەوەندەی تام و چێژ لەكاروبارەكانی دەرەوە وەردەگرێ ئەوەندە لە كاروباری ناو ماڵەوە وەری ناگرێ، ئافرەت لەمەدا پێچەوانەی پیاوە، بە پێچەوانەوە ئافرەتان سەركەوتوترن لە پیاوان لە كاروبارەكانی ناو ماڵ، ئەم شتانە نكوڵی لێ ناكرێ.

سەرۆكی كۆمەڵەی ئافرەتانی فەرەنسی دەڵێ: {داوا كردنی یەكسانی تەواو لەنێوان ئافرەتان و پیاوان هەردوو ڕەگەز دەگەیەنێتە وونبوون و لەناوچوون، بەشێوەیەك هەردووكیان مافەكانیان دەفەوتێ}.

ڕۆژنامەی (مایرکر) لە فەڕەنسا ڕاپرسیەکانی لەنێوان کچانی فەڕەنسا ئەنجامدا لە ئاستە جیاوازە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان، پرسیار لە (2,500,000) کچی فەڕەنسی کرا، ئایا بۆچوونت چییە، چی دەڵێی ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ گەنجێکی مسوڵمان بکەیت، (90٪)ی کچەکان بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە و پێیان باش بوو هاوسەرگیری لەگەڵ گەنجانی مسوڵمان بکەن! ئەمە ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە ئافرەتانی ئەوروپا بەشێوەیەکی گشتی زۆر ماندوو هیلاکن بەدەست ئەو بەناو یەکسانییەوە، بەهۆی کارکردنی زۆر و ڕاکردن بەدوای پەیدا کردنی پارە لەبەیانییەوە تاوەکو ئێوارە.

شێخ بەکر ئەبو زەید ڕەحمەتی خوای لێبێ دەڵێ: {بیرۆکەی دروست کردنی یەکسانی لەنێوان پیاوان و ئافرەتان بیرۆکەیەکی ڕۆژئاوایی شکست خواردووە، لەشەرع و لە عەقڵدا جێی نابێتەوە، مسوڵمانان نابێ بەو جۆرە بانگەشانە هەڵخڵیسکێن، چونکە ئەو جۆرە ئازادکردنەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن واتە داماڵینی ئافرەت لە پۆشاکی شەرعی و لە ملکەچی بۆ فەرمانەکانی پەروەردگار} .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام یەکسانی لەنێوان پیاوان و ئافرەتان کردووە لەڕووە مرۆڤایەتییەکەیەوە، لەو ئەرك و مافانەدا کە لەگەڵ سروشتی هەریەکەیان دەگونجێ بەهیچ شێوەیەك جیاوازیی لەنێوان پیاوان و ئافرەتاندا نەکردووە، بۆ وێنە: لە ڕوکنەکانی ئیمان، ئیسلام، پەرستش، بۆ هەردووکیان وەك یەکە، هەروەها کۆمەڵێك ماف هەن بۆ هەردووکیان وەك یەکن، بۆ وێنە: مەسەلەی هاوسەرگیری، هەبوونی منداڵ، یەکێکیان ئەبێ بەدایك و ئەوەی تر بە باوك، هەروەها لەمەسەلەی خاوەنداریێتی، هەردووکیان ئەو مافەیان هەیە، هەروەها مەسەلەی فێربون و خوێندەواری، هەروەها مافی کارکردن هەردووکیان مافی کارکردنیان هەیە کارکردنێك کە لەگەڵ سروشتی بەدەنی و دەقی شەرعیدا بگونجێ.
با سەیری ئەم گێڕانەوەیە بکەین:

**{عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ سُئِلَ رَسُول اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ الرَّجُلِ يَجِدُ الْبَلَلَ وَلَا يَذْكُرُ احْتِلَامًا قَالَ يَغْتَسِلُ وَعَنْ الرَّجُلِ يَرَى أَنَّهُ قَدْ احْتَلَمَ وَلَمْ يَجِدْ بَلَلًا قَالَ لَا غُسْلَ عَلَيْهِ قَالَتْ أُمُّ سَلَمَةَ يَا رَسُول اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هَلْ عَلَى الْمَرْأَةِ تَرَى ذَلِكَ غُسْلٌ قَالَ نَعَمْ إِنَّ النِّسَاءَ شَقَائِقُ الرِّجَالِ}** [1] .

لە دایکمان عائیشەوە دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرا لەبارەی پیاوێکەوە کە بەیانی خەبەری دەبێتەوە هەست بە تەڕاتییەك دەکات بەڵام بیری ناکەوێتەوە شەو خەوێکی بینیبێ، فەرمووی:

---

1) **حديث عائشة: أخرجه أحمد (256/6، رقم 26238)، والترمذى (189/1، رقم 113).**

خۆشوشتنی دەکەوێتە سەر، هەروەها پیاوێك کە بیری دەکەوێتەوە کە خەوی بینیوە بەڵام هەست بەهیچ تەڕاتییەك ناکات، فەرمووی: خۆشوشتنی ناکەوێتە سەر، ام سەلەمە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا ئەو شێوەیەی کە پیاوان خۆشوشتنیان دەکەوێتە سەر، بۆ ئافرەتانیش بەهەمان شێوەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، ئافرەتان کەرتی پیاوانن، واتە: یەکتر تەواو دەکەن و کەرتی یەکترن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لەکۆمەڵێك ئەرك و مافدا هاوبەش و یەکسانن.

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە:

**{عَنْ أُمِّ عُمَارَةَ الْأَنْصَارِيَّةِ أَنَّهَا أَتَتْ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَتْ مَا أَرَى كُلَّ شَيْءٍ إِلَّا لِلرِّجَالِ وَمَا أَرَى النِّسَاءَ يُذْكَرْنَ بِشَيْءٍ فَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةَ إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ}**[2].

واتە: لە ام عومارەی ئەنصارییەوە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ گوتی: بۆچی من دەبینم هەموو شتێك لە قورئاندا بۆ پیاوان باس کراوە، نابینم ئەوەندە ئافرەتان باسیان کرابێ بەو شێوەیە؟ (لەوەڵامدا ئەم ئایەتە دابەزی کە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: {مسوڵمانان لە پیاوان و ئافرەتان، وە ئیمانداران لە پیاوان و ئافرەتان...}. خوای پەروەردگار ئافرەتان و پیاوانی بەکۆمەڵێك سیفەت وەسف کرد، پاشان لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرمووێ: ئەوانە لێخۆشبوون و پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە لەلایەن پەروەردگارەوە[3].

ابن القیم دەڵێ: {یەکسانی کردنی دوو شت کە جیاوازییان لەنێواندا هەیە زیان و زەرەرێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە، ئافرەتان و پیاوانیش لەڕووی پێکهاتەی لاشە و بیرکردنەوە و زۆر شتی دیکەدا لەگەڵ یەکتردا جیاوازن}.

بەڕێزان ئێمە زۆربەمان سوپاس بۆخوا هەم کچمان هەیە، هەم کوڕمان هەیە ئایا دەتوانین وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵ بکەین؟ ئایا ئەو ئەرکانەی بە کچەکانمانی دەسپێرین، هەمان ئەرکیش بە کوڕەکانمان

---

2) **الترمذي: 3211.**

**3) ئەمە ئایەتەکەیە:**

**﴿إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ وَٱلصَّٰٓئِمِينَ وَٱلصَّٰٓئِمَٰتِ وَٱلْحَٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَٰفِظَٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ٣٥﴾**

**الأحزاب.**

دەسپێرین؟ ئایا ئەگەر هەردووکیان بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ بکەیت پێت وایە دەتوانی سەرکەوتوو بیت؟ بەدڵنیاییەوە هیچ دایك و باوکێك ئەم کارە ناکات، شەڕ لەگەڵ هەقیقەت و خورسك و فیترەت ناکرێ! دڵنیابن ئەوانەی ئەو جۆرە بانگەشەیە دەکەن خۆشیان باوەڕیان پێی نییە، لەبەر ئەوەی ئەو بانگەشەیە مەحاڵە لە واقیعدا جێگەی ببێتەوە.

خوای پەروەردگار جیهادی لەسەر پیاوان واجب کردووە و لەسەر ئافرەتانی واجب نەکردووە، تۆ چۆن دەتوانی واجب بکەی لەسەری، ئایا دەتوانی ئەم ئەرکە قورسە بخەیتە سەر شانی ئافرەت؟ بەهەمان شێوە خوای پەروەردگار قەدەغەی کردووە ئافرەتان بەتەنیا سەفەر بکەن بۆ شوێنە دوورەکان، ئەمەش دیسان بۆ دوورخستنەوەی زەرەر و زیانە لە ئافرەتان، بۆ پاراستنی ئافرەتانە، هەریەك لە پیاوان و ئافرەتان لە شەریعەتدا خوای پەروەردگار چوارچێوەیەکی بۆ داناون هەر یەکەیان بیانەوێ ئەم چوار چێوەیە بشکێنن ئەوە هەرگیز خۆشبەخت نابن، لە فیترەتی خۆیان دەردەچن، دوو خەڵقی جیان بۆیە لەهەندێ ئەرك و مافیشدا جیاوازن، بەڕاستی ئەو شتانەی دراوە بەپیاو و نەدراوە بە ئافرەت هیچی ماف نییە بەڵکو هەمووی ئەرکە، تۆ کە ئەرکێکت پێ نەدرابێ کەوابێ بارت سووکتر بووە، ڕێز لە خیلقەتت گیراوە، بۆ داوای ئەرکی زیاتر دەکەی، ئەوانەی کە ئەم بانگەشەیە دەکەن زۆربەیان ئەرك و ماف لێك جیاناکەنەوە.

.